به دوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە شەوە تاکەکان؛ لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە دوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە شەوە تاکەکان؛ لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانیداوە بۆ کۆششکردن لە گەڕان بە دوای شەوی قەدر؛ ئەمیش بە زۆر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان، وهیوا زیاترە بەوەی لە شەوە تاکەکان بێت لە دەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان لە هەموو ساڵێکدا، ئەمانیش بریتین لە ڕۆژەکانی: بیست ویەك، وبیست وسێ، وبیست وپێنج، وبیست وحەوت، وبیست ونۆ.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4540